# دەروونشیکاری و ئەدەب

نووسینی: چان بیلمان نۆیل
و. لەعەرەبیەوە: ئاوات محەمەد



خوێندنەوەیەك لەنێوەندی دەروونشیكارییەوە شاعیرو رۆمان نووسەكان باشترین هاوپەیمانی ئێمەن, پێویستە رێز لەگەواهییەكانیان بگرین, چونكە شتگەلێك لەنێوان ئاسمان و رێسماندا دەزانن, تاكو ئێستا حكمەتی قوتابخانەكانی ئێمە خەونیشی پێوە نەبینیوە . ئەوان لەئاستی مەعریفەی پیرەكانن. ئێمە كەسانێكی ئاساییین. ئەوان لەسەرچاوەیەك دەخۆنەوە هێشتا زانست نەیتوانیوە بیگاتێ

سیگمۆند فرۆید "وڕێنەو خەون" لاپەڕە ١٢٧

ئەمێستا تەمەنی دەروونشیكاری سێ چارەكەسەدە دەبێت, واتە چەند ساڵێك تەمەنی لەفیزیای رێژەیی ئەنیشتاین گەورەترە, هەقی خۆمانە بڵێین ئومێدی ئەوەمان هەیە, كەگریمانەكانی بۆ هەمووان شتێكە جێگەی گفتوگۆ نییە, ئایا كەسێك نییە چاو لەو پیرێژنە بپۆشێت, كاتێك جلێكی ژێرەوەی سەرنج ڕاكێش لەبەردەكات ئەویش بەئامانجی سەرنج ڕاكێشانی خەساوەكانی ناو كۆمەڵگایەكی پاكژ بەچاكە یان بەخراپە وەریبگرین, فرۆید ئەوەی گەیاند بەبوونەوەری مرۆیی وەك خۆی لەنوسینێكدا ئاماژەی پێدەدات یەكێك لە قورساییەكانی دەروونشیكاری لەپەرتوكی" چەند گوتارێك لەمەڕ دەروونشیكاری براكتیزم (١٩١٧) سێهەم برینی دروستكرد"تۆوێك بۆ خودی خۆی" ئەگەر كۆپەرنیك مرۆڤی ناچاركرد بڕیاربدات ئەم هەسارەیە چیدی سەنتەری جیهان نییە. داروین ئەوەی گوت. لەئاژەڵەكانی تر بەخت باشتر نییە, ئەویش خاوەن بنەچەیەكی جوانە, هەروەها فرۆید ئەوەی دەرخست "من خانمی ماڵیتایبەتی خۆی نییە" هێزی پاڵنەری لەزەت بەڕادەیەك تێماندایە, ناشێت بەتەواوەتی كۆیكەینەوەو رامی بكەین, زۆریش گرنگە بزانین, ئیرادەو زیرەكیمان رەهانین, چونكە بەشێكی گەورە لەچالاكیە هزریەكانمان لەچاودێری هۆش دەربازی دەبێت, جا ئەگەر لەو پێگە پیرۆزەی گەردون هەڵكەنراین و لەپێگەی ژیان دەركراین, بەم سیفەتەش لەم چوارچێوەیەدا. كە زۆركەم سەرچاوەی شكۆو دڵنەوایمان بووە. گەلێك شت هەن لەناوەوەماندا بیر دەكەنەوە. كردارمان لەگەڵ بیركردنەوەماندا ئاراستە دەكەن. ئەویش بەبێ ئەوەی ئاگاداری ڕوودانی هەندێك دیاردە بین, چونكە مرۆڤ هەست دەكات. ئەوە عزەتی دەرونی پێكراوە –نێرسسیەتی پێكراوە–. ئەم مەسەلەیە زۆر گرنگ نییە, چونكە ئەم بریندار بونانەی زانیووە, پێویست بوو بەسەر زۆرێك لەو ڕێگریانەدا سەربكەوێت, كەبریتین لەنەریت و ئایینەكان. تاكو خێراتر ئەو برینە ساڕێژ بكاتەوە. لەبەر ئەوە, ئەو ئەركەی فرۆید لەومەسەلەیەی كێشای و كاریگەریی دۆزینەوەكانی, زۆر گرنگن, بزوتنەوەی دەروونشیكاری لەسەرەتاوە بەڵگەی هێناوەیە, كە چوونە ناو پەنهانیەكانی دەماری ئاسانترە لەرەتكردنەوەی حوكمە پێش وەختەكانی لەسەروو پێوانە زانستی و تێڕوانینە كلینیكیەكانەوەیە, چونكە ئەو سانسۆرە ئایدۆلۆژیە زۆر كاریگەرترو قورسترە لەو چەپاندنەی لەناو هەموو تاكێكدا هەیە, هەروەها قورسایی خێزان و قوتابخانە و ئایین و دامەزراوەكان و قورسایی كۆمەڵگای رێكخراو لەناو ئابوریەكی دیاری كراودا و قورسایی فەلسەفەی باو, یان ئەوانەی بەئەزموون ناودێر ئەكرێن, یان وەرگرتنی "هەستی دروست" ماقوڵ و ئەقڵانی, بەڵام هەمیشە توانای بیر كردنەوەی نییە. ئێمە قوربانی دەستی هەموو ئەمانەین و لەهەمان كاتدا لێی سوودمەندین. ئێمە كوێرین, چونكە سەركێش و خۆپەرستین, چونكە كوێرین هەموو ئەمانە لەناخ و فكرو زمانماندا داسەكناوە.

توخمی دووەمی دوالیزمەكانمان, ئەوەیە ئەوەی كەمرۆڤایەتیمان لەڕێگەیەوە بیر دەكاتەوە و قسە دەكات, چونكە ئەو زمانەی لەبواری پەیوەندی رۆژانەوە لەگەڵ نەوەكانمان و خزمەكانماندا وەرمانگرتووە, تەنها بۆ كاركردن دەشێت. داواكردنی شتێك یان وەڵامدانەوەی لەپێناو ژیاندا, بەگشتی شتێكی وەك ئەدەب (لەچەرخ و شارستانیەكانی نووسینیان نەزانیوە, بەدەمی بووە) مرۆڤ دەتوانێت پرسیار لە خودی خۆی و چارەنووسی گەردوونی سەرقاڵی كۆمەڵایەتی و هزری بكات, تێڕوانینە بڵندەكانی و تێڕوانینی بۆ جیهان بەتێكەڵ بوونی لەگەڵ ئەفسانە دەچەسپێت. واتە ئەوەی پێویستە بخوێندرێتەوە . بەخورافاتی ئایینی و داستانە پۆخڵەكان و حیكایەتە نمونەییەكان و چیرۆك و شانۆو دانپیانانە كاریگەرەكان جا پەخشان بێت یان شیعر. ئەگەر قسە لەدەرەوە بۆمان بێت, لەناوەوە یادەوەجا دوور یان نزیك لەزەمەنێكی ترەوە دێت زەمەنی كۆن یان نوێ, لێرەوە هەرگیز بۆمان ناوێت, ئێستا كەقسە كردن تەواو دەبێت. بەڵام ئەدەب شتێكی ترە بەدەر لەم جەستە مۆمیاكراوە بەبیركردنەوەی ئامادە كراو, كە










لەدەرەوەی سیاقی ئەمێستا پێکهاتووە, گفتوگۆ لەگەڵ هەریەکێکماندا دەکات, ئەدەب کۆمەڵێك گوتاری تۆمار کراوی پێش ئێمە, یان دوور لەئێمە نییە, بەڵکو تاکە گوتارێکە, زۆرمان بینیوەو زۆریش بۆی پەرۆش بووین و لەدەستمان چووە (شکۆمەند و جوان بووە), پێویستیەکەی لەچێژی ئێمەدایە. جوانی ئەولەومانەوە نابەکاربەرەدایە بەمەبەستی بەردەوامی ژیان بێت, گوتاری ئەدەبی واتای گوتارێکی زەینی واقیعە, لێرەدا سیحر وتراژیدیاو بەختی سەیری خۆی حەشارداوە، تێگەیشتن لەو دانراوانەی بەشێکن لەئەدەب, کەهێدی هێدی کەڵەکە دەبێت, تاکو مەیدانێکی پتەو پێکبهێنێت. تەپ وتۆز بەجێ بهێڵێت باڵەگەڵ بای ناجەوهەریدا بفڕێت, ئەمە ئەوەیە ناوی قسە کردنی ئاڵوگۆڕی و نووسینی دیدکتیکیمان لێناوە لەبەر ئەوە دۆزینەوەی ئەو هۆکارانەی دەبن بەهۆی ئەوەی دانراوەکان لەنووسەرەکانیان دەربچن و وەوەلاتر بچن, کە لەنووسەرو سەردەم و جوغزی زمانەوانی لابدەن, ئەمانە هەر هەمووی لەڕۆژێکدا نەهاتوەتەدی, هەروەها ئەم حاڵەتەش بۆ دەروونشیکاری بەرادەیەك دەگونجێت, بەنرخکردنی ڕەسەنیەتی ئەدەبی, پێویستی بەکاری قورس هەیە, ئەوەندە دەڵێین پێویستە ئەوە قبوڵ بکەین کەزمانێکی تر هەیەو هەر قسەناکات, نەك بەچۆنیەتی ئەو حەقیقەتەی کەدەڵێت, هەروەها دەروونی جۆرێك نەبووە لەکوتلەیەکی یەکگرتووی پلەو دابەشکردنی تایبەتمەندەیەکانی لەخۆ گرتووە نووسینی شاکارێکی ئەدەبی ,ناتوانین وەك نامەیەکی هەڵگیراو بەیەك مانا تێکەڵاو بکەین, چونکە قسەی بەکارهێنراو کاتێك بەشێوازێکی دیاریکراو کۆدەکرێتەوە دەسەڵاتی ژیاندنەوەی ناچاوەروان نەکراو نادیار وەردەگرێت. هەروەها نووسەر لەکاتی نووسینداکەسانێکن بەبێ ئەوەی بزانن قسەیەك دەکەن خۆیان نازانن چییە, قەسیدە لەشاعیر زیاتر دەزانێت. ئەگەر مانا لەناو دەقدا زیادبوو, ئەوا لەشوێنێکدا وشیاری کەمو کورتی هەیە, قسە کردن لەسەر ئەدەب ئەگەر بەشێکی لەنەبوونی وشیاری تێدا نەبێت, ناژی یان ئەگەر بەشێك لەنەستی تێدانەبێت, هەمان حاڵەتی تووش دەبێتەوە ئەرکی ڕەخنە لەهەموو تانەکاندا بریتیە لەدۆزینەوەی ئەو کەموکورتی یان ئەو زیادەیەیە. بەشێوەیەکی گشتی ئەدەب لەناخیدا شتێکی لەنەست هەڵگرتووە. ئەوا ئێمە هەوڵی نزیککردنەوەی نێوانیان دەدەین. تائاستی تێکەڵ کردنیان سەرجەم کارە ئەدەبیەکان تێڕوانینی واقیعی مرۆڤو نێوەندەکەی نیشان دەدەن, هەروەها وەك چۆن دەربارەی چۆنیەتی درکپێکردنی مرۆڤ پێشکەشی کرد ئەو درکەی لەهەمان کاتدائەو نێوەندو پەیوەندیەی پێی هەڵدەسەنگێنێت, ئەم کۆمەڵە کارە زنجیرەیەك گوتارن و تێڕوانینێکن بۆ جیهان, لەیەك توخمەوە دەردەچن و بەدەق و ڕۆشنبیریەوە پەیوەستن, ڕەوەندی دەروونشیکاری بەهەمان شێواز کاردەکات: ئامرازێکی تێگەیشتنە دووبارە قولایی دەروونی پێکدەهێنێتەوە, نموونەکان رادەکێشێت تاکو شفرەکان بکاتەوە ئەگەر جەستەی دەق و بۆشایی ناو تیۆر سەربەسیستمە واقیعیە

جیاکان بن (مادده خاوەکان لەبەرامبەر هۆکارەکانی پشکنین) نابێت چاوپۆشی لەوە بکەین لەبینینی جیهان لەنێوەندی ئەدەبی ئیستاتیکاوەو وەرگرتنی کاریگەری نەست هەردووکیان هەمان شێوازیان هەیە، کەهەردووکیان جۆرێکن لەراڤە کردن دوو شێوازی خوێندنەوەن بابڵێین دوو خوێندنەوەن، چونکە ئەدەب و دەروونشیکاری "دوو خوێندنەوەن" بۆ مرۆڤ لەناو ژیانی رۆژانە داو لەناو چارەنووسی مێژوویدا. بەشێوەیەکی قوڵتر، یەکەیەکی هاوبەش بڵند دەبێت. لەبەرئەوەی هەموو زمانێکی وەسف ئامێز لەبوارەکەیاندا رەتدەکەنەوە، کەواتە جیاوازیەک لەنێوان ئەو گوتارەی پشتی پێدەبەستن و لەنێوان ئەو گوتارەی پێکی دەهێنن نییە، چونکە ئێمە دەزانین کە ناتوانین لەوەی دەیڵێین جیاببینەوە، ئەگەر چی ئێمە وێنەی ئامانجێک دەکەین، دەخوازێت بگاتە ئەو حەقیقەتەی قسەلەسەر ئەو مرۆڤە بکەین کەقسەدەکات.

دۆزینەوەی نەست جارێکی پرسیار لەو مەعریفە دەکات کەدەربارەی خودی مرۆڤایەتی هەمانە، واتە بەو مەعریفەیەی هەموو دەقەیەک پێیدەژین، ئەوەی نوسراوەو ئەمێستاش دەنووسرێت، ئەوەی بەڕادە بەر دەیخوێنینەوەو بەبێ زانینی من لەلایەن توانا گەورەکان (لەڕادەبەدەرەکان)وە ئەی دەربارەی خوێندنەوەی ئەمرۆم؟ لەلایەکی ترەوە دەروونشیکاری کاریگەری لەسەرزمان دادەنێت بەوەی پەیوەستکەری حەقیقەت و نامۆ بوونی ناو پەیوەندیەکانی نێوان کەسەکان لەناوەوەی هەمان کەسدا دەروونشیکاری چیم دەربارەی ئەو پێگەی مەشقە جیاوازییەی زمان فێردەکات کەزمان سەرلەبەری ئەدەبە، کەواقیعی نهێنی تاک باشترین گوزارشت لەخۆی دەکات؟ ئەم پرسیارانە چاوەڕوانکراون، لەم حاڵەتەدا ئامانجی لێکۆڵینەوەکە بەم شێوەیەی لێدێت: هەستان بەوەسفکردنی بنەماکان، هەژمارکردنی هۆکارەکانی دەروونشیکاری بۆ باشتر خوێندنەوەی ئەدەب پێشکەشی کرد.

کەواتە لەسەرمانە نەک هەمە شێوەییەکەی، بەڵکو مێژووەکەشی بدۆزینەوە، هەمە جۆر ئاراستەکانی کە دەتوانین بەگشتیەت ناودێری بکەین(نزیککردنەوەی دەروونزانی لەبواری ئەدەبی)، هەریەک لەو نزیک کردنەوانە، لەچرکە ساتی جیاوازدا گەشەی کردووە و بەهێڵی دیارو چڕی جیاواز گەشەی کردووە پاش ئەوەی هەوڵەکانی فرۆید بەپێی پۆلێنی دەرکەوتنیان پێشکەشدەکەین، پاشان ئەو لق و پۆپەو دەرئەنجامەی دەردەخەین کەپێشکەشی کردووە و گەیاندوویەتە سەردەمی ئێستامان، ئەو ئامانجە بەدەستدەهێنن ئەگەر چاو لەدەسەکانی ئەم زنجیرەیە*کەکار لەجەماوەرێکی زۆر دەکات. مەیلیان هەبێت، مەیلێک دەکرێت گشتگیر بێت بۆ داڕشتەیەک، کە دەچێتە ناو تێڕوانینی دەروونزانی بەئاراستەی کۆمەڵێک دیاردە، لەبواری ئەوانەوە ئەدەب ئامادە دەبێت و دەژی و بۆتوێژێکی خەڵک کاریگەری دەبێت، هیوادارین کەپانتاییەکەی فراوان بێت.


نیچە

لەکۆتایدا گوزارشتێکی فرۆید دێنینەوە، کەوەک نوکتەیەک وایە کاری شیکاری پڕ لە لەرزۆکی و ئازار چەشتن، بەشێوەیەک کەناتوانین وەک چاویلکەیەک بەکاری بهێنین، لەکاتی خوێندنەوەدا لەچاوی بکەین و لەکاتی پیاسەدا دایبکەنین

(س. فرۆید . وانە نوێیەکانی دەروونشیکاری ـ ١٩١٧ لا ٢٠١) کەواتە بۆ لێکۆڵینەوە پیاسەیەکی دەرەوە بکەین، ئەگەر بۆ باشترین چاویلکەی خوێندن نەچین، کەمترین شت ئەوەیە بەدوای باشترین چاویلکەدا بگەڕێین تاکو خوێندنەوەیەکی باشتری پێبکەین.

## بەشی یەکەم

## خوێندنەوە لەگەڵ فرۆید

"پاش دۆزینەوەی خەون، بەرەو شیکردنەوەی ئەفراندنە شیعرییەکان سەرەتا هەنگاومان نا، پاشان

بۆ لای شاعیرو هونەرمەندەکان (...) ئەمانە گرفتگەلێکن

زۆر لەهەموو ئەوانە سیحریان زیاترە. کەلەگەڵ جێبەجێکردنەکانی

دەروونشیکاریدا دەگونجێن"

(س. فرۆید : پێنج وانە دەربارەی دەروونشیکاری ١٩٧١لاپەڕە١١٢.١١١ )

سەرەتای ئەم قسە خۆشەیە لەوانەیە ڕاست بێت و لەوانەیە راستیش نەبێت, بەلاّم دروستە دامەزرێنەری دەروونشیکاری لەوەلاّمی پرسیارێکی کەسێکدا, کەدەربارەی مامۆستاکەی لێی پرسی بەجوڵەیەك ئاماژەی بۆ ڕەفەی کتێبەکانی کرد, کەچڕبوون لەشاکاری جیهانی. فرۆید شەیدای هەمە چەشن لەئەدەب بوو, خوێنەرێکی گەورەو وردبین بوو. ڕۆشنبیریەکەی کەسەد ساڵە پرۆگرامی خوێندنی دواناوەندیە لەنەمسا, ڕۆشنبیریەکی کلاسیکیە, بەلاّم هەمەچەشن ترو جیهانیترو گشتگیرترە لەوەی لەفەرەنسادا هەیە بۆ نمونە ئەو ناوانەی بەپەرەموچووی خۆی ئامادەی کردون. ناوی ئەو نووسەرانەن کەتاکو ساڵی ١٨٧٠ زاینی ناوبانگیان هەبووە, وەك: ئەرستۆڤان, بۆکاس, سێرڤانتس, دیدرۆ گۆتیف, هیبلْ, هیفن, هیزود, هۆمخان, هۆمێر, هۆراس, لۆتاس, میلتۆن, مۆلێر, رابلیە, شیلەر, شکسبیر, سۆفۆکل, سویفت, هەروەها کۆمەڵێك نوسەری هاوچەرخی وەك: دوستوڤیسکی , فلۆبێر,پالناتۆل فرانس, ئەلین, کبلین, تۆماس مان, نیتشە, شۆبنهاور, برناردشۆ, مارك تۆین, ئۆسکار وایڵد, ئەمیل زۆلا , ئیستیڤان زویج, ئەوەی لەم خوێندنەوانە دەستی دەکەوێت, یەکەم ئەو داڕشتە سەرکەوتونانە یادەوەریان پڕ کردووە, کەوای کردووە دەقەکانی بەگەواهی بسەلمێنێت ئەویش بەپێی ئەو پێداویستیانەی نووسینی چاك لەو زەمەنەدا پێویستی بووە. بەتایبەتی ئەو پاڵنەرانە دەناسێت کەخەڵك بەڕێوە دەبەن. یەکەم لەڕێگەی تێر بونەوە, ئەم سەرمایەیە لەحیکمەت و ئەزموونی قوڵەوە دەستمان دەکەوێت, ئەویش لەبواری بەرکەوتن لەگەڵ ئەو پاشماوە بەجێماوانەی بۆمان ماونەتەوە. پاشان بەهۆی داخوازیەکی خۆیەوە پێدەنێتە ناو قوتابخانەی بلیمەتەکانەوە ئەوانەی پێش ئەم بێ ئەوەی پێیبزانن ڕێبازی دۆزینەوەی سایکۆلۆژی گەورەیان داناوە. لەبەر ئەوە دەبینین باوەڕی پتەوی خۆی دەردەخات, بەوەی کە ئەو دەقانەی نەمرن. دەتوانن ببن بەئاڕاستە کەر, بەم شێوەیە: دەردەکەوێت . بەهەرحاڵ. ئەمە ئەو شتەیە کەڕۆمانووسەکان و ئەوانەی لەکۆنەوە ناخی مرۆڤ دەخوێننەوە, دەیزانن ئەوتێڕوانینەی قۆناغی یەکەمی ژیانم, کاریگەریەك جێدێڵێت, ئاسان نییە بسڕێتەوە(...هتد) ژیانو دەروونشیکاری . فرۆید١٩٧٠ لا٤٢ )فرۆید زۆر سەرسامی تێڕوانینی ئەو عەقڵە لەڕادەبەدەرە بوون. کەهۆکارەکانی شیکاریان لەبەردەمدا نییە, بەلاّم بەتێڕوانینەکانیان کاریگەرە, بەوەسف و گێڕانەوەکانیانەوە, بەلاّم تائاستی کوێربون سەرسامیان نییە, بەپێچەوانەوە زۆر ئاگای لەتێگەیشتنە, لێرەوە بەهێزی توێژینەوەکانی و هەوڵەکانی بەرەو ئاراستەی جێبەجێکردنی متیۆدە زانستیەکەی دەردەکەوێت کەهێدی هێدی لەسەر مەتەڵێك داهێنراوە. ئەم ڕۆشنی کردۆتەوە

**١ . جێبەجێکردنی دەروونشیکاری مانای چییە؟**

پێویستە زاراوەی جێبەجێکردن ڕاڤەکردنێکی پێچەوانەی بۆ نەکرێت ئەو ئاسایی ئاماژە بەشتێك دەکات کەلەبوارێکی دیاریکراودا بەکار دەهێنرێت, لەبنەماو هۆکارەکانی توێژینەوەیەك سەربەبوارێکی مەعریفی جیاوازە ئەویش بەپێی ئەوحاڵەتەی ناوی (زانستێکی بنەمایی یان زانستێکی پاشکۆ) لێدەنێین بەم شێوەیە لەهەموو زانستە وردەکاریەکاندا پشت بەبیرکاری دەبەستین تەنانەت لەهەندێك زانستی مرۆیدا بەکاری دێنین (وەك ئامار)یان ئێمە کیمیای تیشکی لەشوێنەوار ناسیدا بەکاردەهێنین ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی کاربۆنەچواردەوە, تاکو مێژووی ئەو بەردە هەڵکۆڵدراوەیان گلێنە کۆنە بزانین, بەهەرحاڵ لەم بارەدا کەبەکاری دەهێنین, ئەوە جۆرێك نییە لەجۆرەکانی ژماردنیان ئامێری پێوانە سەر بەسیستمێکی تایبەتی چەندیەتی بێت, بەڵکو ئەمیش هەمان تۆڕی ڕاڤە کردنە, کەپێویستە بۆ جیاکردنەوەی دیاردە مرۆییەکان. کەوا دەردەکەوێت زۆر لەیەکترەوە دوورن (سەرەتا پێویستە ئەوە بسەلمێنین کەئەمانە لێك دوور نین), گەورەترین داهێنانی تێوەری نەست, بریتیە لەوەی سەلماندی, کەجیاکردنەوەی هەمە جۆر چالاکی و هەڵوێستە مرۆییەکان, هەموو دەستکرد بوون, دەردەکەویت پەیوەندی لەنێوان منداڵێك و مێرمنداڵێکدا, لەنێوان(بەرایی)و (شارنشن) لەنێوان مەئلوف و لەرادەبەدەر, لەنێوان نەخۆش و ئاسایی‌دا هەیە دەبینین

ئەو چاڵە چۆن دەروخێت کەئەو جاران بەتەنها هەموو بەرهەم هاتووەکانی لەخۆوە دەگرت وەك نمایش و حیکایەتە سەمەرەکان و تابۆکانی خێڵی بۆلینیزی و ڕێکخستنی یاریەکان و هەڵگرتنی لەلایەن کورێژکەیەکەوە یان کیژۆڵەیەکەوە, ئەمانەهەمووی بنەمای هاوبەشیان هەیە- مەبەستمان میکانیزمی ئاڵۆزی غەریزەکانە, شێوازی کتێب و فیلی حەزی سێکسی . لەنێوان هەڵس وکەوتەشازو مەئلوفەکاندا بۆ هەمە چەشن جۆری تاکەکان و قۆناغەکانی تەمەن و جۆرەکانی ئەو کۆمەڵانەی ڕۆژانە پێیان دەگەین. کەخەون, گەمە, سرووت, شەپۆلی هۆشی نهێنی خورافە, ئەفسانە, حیکایەت, راستان, رۆمان پرۆپاگەندەو سیحری قەسیدەیەك. هەرهەموویان بابەتی دەرەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە نین, مەگەر لای پسپۆڕەکان نەبێت, کەوا هەست دەکەن ئەوان لەسەر ماددەی خامی لێکجیاوە بوو کار دەکەن لەم چرکەیەوە ئەم دیاردە مرۆییانە دەتوانین وەك بەبەرهەمی خودی نەست ناودێری بکەین لێرەدا مەبەست لەو سیستەمە وەك خۆیەتی, نەك سیستەمێکی تاکی) دەبێتە پرۆژەیەك راڤە کەر خۆی پێوە خەریك دەکات لەبەر ئەوەی جێبەجێ کردنی دەروونشیکاری بەسەر بەشێك لەبابەتەکانی دەروونی تایبەتدا مانای تێبینی کردنی ئەو شێوازەیەکە خواست لەبواری ماددەخامەکان و پێشبڕکێی و ئەندام و دامەزراوەو بەخشینە رۆشنبیریەکانەوە, دەردەکەوێت کەئاسان نییە سادەی بکەینەوە. بەڵام ملکەچی هەمان یاساکانە وشەی پراکتیزەکردن لێرەدا هەمان مانای نییە کەلەشوێنێکی تردای بەکاری دێنین, کارەکەش پەیوەندی بەکردەی هاوردن هەناردنەوە نییە لەگەڵ زانستێکی هاوسێیدا. هەروەها نەك بۆ ئەوەی دەروونشیکاری بۆ شوێنێك دووربخەینەوە جائەم خستنەوەیە بەزۆر بێت یان خوایشت شیکردنەوەی کردە نەستیەکان وامان لێدەکات بچینە هەموو ئەوشوێنانەی (ئەندێشە)کاری تێدا دەکات واتە هەڵچوون و کاری ئەندێشەگەرا, بەشێوەیەکی فراوانتر نوانن و کاریگەریە رەمزیەکان ئەم شیکاریە دەکرێت لەو کاتەدا کارا بێت, کەمرۆڤ بەسەر خۆیدا هەڵدەگەڕێتەوە, هەرکات لەچالاکییە مەعریفیەکانی خۆی لادا, ئەوەی پێی دەوترێت ئاسیۆی و فیزیایی و تەکنیکی, تاکو گرنگی بەدیاردە (بەرجەستەکان) بۆ بوونی و مێژووی و کۆمەڵگاو تاك بدەین بۆ ئەوەی لەمە بگەین. پێویستە لەمە بروانین: ماتماتیکزانێك بەهەژماردن و سەلماندن کاردەکات, خەڵکی تێبینی دەکات, بزانێت لەناسنووورداری گەورەدا چی ڕوودەدات, فیزیایی تێبینی ماجەرای ناسنووورداری بچوك دەکات. ئەندازیار گرنگی بەکارا بوونی بەرهەمدار دەدات, بەڵام کاتێك لەم کارە پسپۆڕیانە تەواو دەبن.دەبنەوە بەمرۆڤ, بەڵام فرۆید بەو چاویلکەیەی لێی جیانابێتەوە تەماشای ئەو خەڵکانە دەکات. کەکار دەکەن هەروەها لەدەرەوەی کارەکانیان لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکات, هەرگیز لەیادیان ناکات, ئەگەر هزری پشووپێبدات یان لەشتێکەوە بچێت بۆ شتێکی تر, ئەو چاویلکەیە داناکەنێت و سەرجەم کاتی بۆ شتێڵە کردنەوەی دەقی ئادەمی تەرخانکردووە: بەگشتی ئەو واز لەخوێندنەوە ناهێنێت.




**۲. وانەیەك سەبارەت بەخوێندنە**

هەرکاتێك خەریکی خوێندنەوەی کتێبێك بێت, واز لەوە ناهێنێت کەئەم شیکەرەوەیەکە. ئەو گوێ لەوە دەگرێت کەدەقی نوسراو دەبێژێت, بەڵام بەهەڵەدا دەچین ئەگەر وای دابنێین خوێنەرێکی(نێوان دێرەکانە) بەنادیاری لەوە بڕوانێت کەدەیبەخشێت, یان ئەوەی وەبیری بهێنێتەوە هەرگیز ئەو پێغەمبەر یلن خاوەنی فکرەکان نەبووە -لێرەدا ئاماژە بەساراکۆمخان دەدەین لەمنداڵیەتی هونەردا- بەڵکو ڕاڤە کارێك بووە, هەمیشە ئاگای لەوشەو رستەکان بووە, ئاگای لەزمان بووە, دەڵێن حەزی لەئاماژە پێدان بووە(تائەو ڕادەیەی بەشێوازێکی تایبەت ئاماژە دەدات) دوور لەوەی ئەوە بەشێك بێت لەمۆدێلەکانی سەردەم, ئەمەش بەڵگەیە بۆ گرنگی قسەکانی ئەمەش تەنها فکری ئەوگوتراوانە ناگرێتەوە, کە قسەی لەسەر دەکات, بەڵکو لەسەر کارامەیی کارەکەش, دەگەڕێتەوە بۆ مۆرکی نمونەیی ئەو هەڵوێستە, بۆ هۆکارو دەرئەنجامەکانی, بەڵام بە ئەمێستا بڵێین ئەم گرنگی دانەیە پیشەوەری وای لێکردووە نەکەوێتە ناو میتافیزیکاوە, کەبکەوێتە سۆفیەتێکەوە لەرووی تیۆریەوە ئاسان نەبێت دەستمان پێیبگات (یونگ) نەیتوانی ئەم بەهاپتەوە بپارێزێت, پێویست بوو پێش جەنگی جیهانی یەکەم

بمانناسیایە کەئەو بەرەو شێوەیەکی نویێ لەسایکۆلۆژیا دەچێت و شایستەی ناونیشانی دەروونشیکاری نییە. لەلایەنی پێکهاتەوە، مامۆستای ڤێننایی پڕبوو لەزانراوەکان حەزی نەدەکرد ناوبانگی هەبێت و خۆی بەفەیلەسوف بزانێت: یەکەمجار کردەکان ڕایان دەگرت. پاشان ئەو جەخت کردنانەی لەبواری دەرخستنی کردەکاندا، هیچ شتێکی تر ڕاینە دەگرت، ئاگاداربوون لەوردەکاریەکانی ژیان ئەو متیۆدە سورە لەسەر گوێگرتن، لەهەموو قسەکانی نەخۆش و چێژوەرگرتن لەگوتاری کورتی کتێبەکان کاتێك بەدەستە خۆمان لەدەرەوە تەواوی دەکەین، دەکەوینە تەلزگەوە و دەبینە توێکارو کاهین و عەرافی گوند، تراژیدیای "ئۆدیبی پاشا" ئەگەر تەنها بۆ دۆزینەوەی تاوانی زینانی مەحرەم کۆتایی بهاتایە، لەچی دەچوو پاشان سزای کارێکی خراپەی لێبکەوتایەوە؟ لەوکاتەی لەسەر هەنگاوێکی هەڵەوەستاوین پێویستە ئاگادار بین جالەنەستەوە بێت، چونکە سروشی خواوەندی لەدەرخستنیئاشکرا تر نییە . وەك ئەوەی خۆی بکوژێت یان بۆ هەمیشە خۆی زیندانی بکات. بەهۆی ئەو((سفود))ەی لەچوکاست دزراوە، چاوی کردەوە تاکو سزای خۆی بدات لێرەدا گوناهی کردووە بەم شێوەیەو لەئاستی ڕەمزیەتدا خۆی دەخەسێنێت، ئەویش بەهەڵگەڕاندنەوەی ئاماژەکانی هەمان تاوان، چونکە شتێکی دایك . ژنەکەی لەو شوێنە پڕژیانەدا لێدراوە(گلێنەی چاوی) کەبەهۆی ئەوەوە حەزی لەجوانی جەستەی مێینەیی ئەو کرد. بەمردنی حەز ئۆدیب نرخی حەقیقی تاوانەکەی دا، تاکو لە تازێباری و ئازاردا بژی، لەبری ئەوەی خۆی لەئاودا بخنکێنێت، کە لەچرکە ساتێکدا. ئەمەی خواستووە، خۆی بخاتە دەریاوە، کەبەرەکەتێکی دووهێندەی دەچێشت ئەگەر، ئازارو درککردن بەمەرگ بگەیشتایە. فرۆید لێرەدا شوێنی lapythieناگرێتەوە. کەلە ئەپۆلۆنەوە (Apollon)وە سروشی بۆ بێت، بەڵکوئەو لەپێگەی یارمەتیدەریدایە (کەلاتینیەکان بەشیکەرەوە Interpres ناودێری دەکەن) ئەونێوەندەی دەکەوێتە نێوانی قسەی خوا بۆ ئەوان و گوێی راوێژکارە پێگەی خۆی لەوەدا وەردەگرێت کە دانەری تراژیدی بەوردی دەریدەخات ئەوەی بۆ ئێمە ڕێگە پێدراوە درکی بکەین لەگەڵ دانانی قورساییەك بۆ بونیادە نەستیەکانی دەردەکەون و ئەو پاڵنەرە لیپیدیانەی، لەگەڵ بەرەنگار بوونەوەی سانسۆرەکان ڕێگەی خۆیان دەبڕن

ئیستا مەبەستمان نییە گفتوگۆی هیچ بەهایەك بکەین واتە پێکهاتەکانی لەیەکتری جودا بکەینەوە، جگە لەوەی زیاتر گفتوگۆی مەشروعانە دەکەین (ملکەچکردنی) ئەفسانە کە لە بواری قەسیدەی درامییەوە پێشکەشکراوە، بۆ خوێندنەوەیەکی راڤەکارانە لەجۆری شیکاری لەبری ئەوەی بیخەینە بەر شیکردنەوەیەکی تەتویای anaqoqiqre یان بۆ گواستنەوەیەکی ئایدۆ لۆژی پێویستە جەخت لەوە بکەین بەچاویلکەی فرۆید بیخوێنینەوە ئەویش خوێندنەوەیە لەناو کاری ئەدەبیدا، بەوەی چالاکیەکی بونەوەری مرۆییە، بەوەی دەرئەنجامی ئەو چالاکیەیە، ئەوەی دەیڵێت بەبێ ئەوەی دەریبخات،چونکە نایزانێت ئەویش خوێندنەوەی ئەو شتەیە کەدەیشارێتەوە لەبواری ئەوەی دەریدەخات، لەبەر ئەوەی لەبواری ئەم گوتارەوە دەریدەخات،. لەبری هەر گوتارێکیتر، هیچ شتێك بەخۆڕایی نییە. هەموو شتێك ئاماژە دەدات، ئەوەی فرۆید دەیوروژێنێت هاوێژراوەکانی نەستە. دەق بەبێ زانین و مەبەست، نوسینێکی ڕەمز ئامێزە دەتوانین پێکهاتەکانی لەیەکتری جودا بکەینەوە . لەبەرچی؟ یەکەم لەپێناو یارمەتی دانی دەروونشیکار تاکۆنتڕۆڵی میتۆدەکانی لەوەرگێڕاندا بکات (کەپەیوەندیەی گەورەی بەکاری وەرگێرەوە نییە، بەمانا ئاساییەکەی وەك دەیبینین) تاکو بەدەست هاتووە تیۆریەکانی جێگیر بکات، ئەویش بەپێداچوونوەی بەها گەردونیەکانی ئەمیشیان دەستکەوتێکی ڕاستەقینەیە بۆ مەعریفە کەمرۆڤ سەبارەت بەخۆی هەیەتی. بەڵام بەتایبەتی ئەوەی بەلامانەوە گرنگە لەپێناو یارمەتیدانی دەروونشیکار بۆ خوێندنەوەی تەواوی ڕاستەقینانەی گوتاری ئەدەبی، بۆدانانی ڕەهەندێکی نویێ کەرتی ئیستاتیکی، بۆگوێگرتن لەقسەی ئەوی تر، بەشێوەیەك ئەدەب بەتەنها باسی ئەوانی ترمان بۆناکات، بەڵکو ئەوانەی تر کەلەناخماندان. شیکردنەوە بۆ شێوازێکی سوودمەندی جێکاری تەواو دەمانبات لەبەر ئەوەی لێرەدا مەسەلەکە پەیوەندی بەکارەوە هەیە ئەوا ئێمە پێمان خۆشە لەگەڵ خۆمان بڵێین، کەپاداشتێك وەردەگرێت، ئەوەی یەکەمجار دەیخەینە ناوحساباتی خۆمانەوە، تێرکردنی تێگەیشتنە (جائەگەر لەوەهمیشدا بێت،پێویستە دان بەمەدا بنێین ) ئەم خرۆشانە بەدۆزینەوەکەمان نهێنیە درکمان لەگەڵ ئەو هەموو ئاستەنگیەدا مانایەکە لەیەقین، چێژ بەخشە، دەروونشیکاری لەمەزایەڵەی فزولیەتی کۆن لای منداڵ ئەوە

دەبینێت کەهەرچی بێدەنگی باوکان و جەستەکانەوە هەیە پەیوەندی جیاوازی رەگەزو نەوەکان و مەتەڵی لەدایکبوون و پاڵنەرەکانی لەزەت و تابۆکانەوە هەیە, ئەمیان خرۆشانە, ئەگەر نەست نەبێت ڕەگ و ڕیشەی لەکۆنترین هەڵچونە لەبیرچووەکاندا دەچێتە خوارێ بێگومان لەگەڵ خرۆشانێکی تر یەکدەگرێتەوە کەکەمتر ڕۆشنە کەئەم فێری دەکات, ئەویش ڕودانی ئاڵو وێرە لەنێوان نەستەکاندا.


سیگمۆن فرۆسید

ئەو زنجیرە بەرهەمە ئەندێشەکراوەی کەلەناوەوە خواستێك بۆ كار پێکردنی بونیادەکەی هەیە تاناکۆتا بەپیت نییە, ئەگەر چی پێکهاتەکانی لەسەر ڕێکخستنە بەراییەکانی کورت دەبێتەوە(دەمی, کۆمی, نالسی)هەروەها لەسەر سێکۆچکەی ئۆدیبی سادەو ئاڵۆز لەهەمان کاتدا, بەم شێوەیە دەتوانین تێڕوانینی ئەوە بکەوین نەستی خوێنەر ئاسانکاری پێشکەشکراو بەرهەم بێنێت بۆ بزاوتنی چەپاندن لەلایەك بەپێکەوە لکاندنی لەناو ئاماژەکان بریندراری دەکات لەلایەکی ترەوە لای ئەوی تر فێڵ و کارامەیی دەناسێت و یارمەتی دەدات تاباشترین فێڵ لەسانسۆری تایبەتی خۆی بکات لەوانەیە ئەم جۆرەیان بێت لەهێورکردنەوەی دیمەنە نموونیەکان و وەسفکردنی دەرهێنانەکەی تێدا ئاڵوێر دەکرێت, سەرچاوەی سێهەمی چێژ, لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەو سەرچاوانەی پێشتر باسمان کرد, بریتیە لەجۆرێك باری گۆڕاوی کەپێدەچێت لەگەڵ مامەڵە کردن لەگەڵ دەقێکدا دابمەزرێت, دەقێك توانای چوونەناوەو تێکەڵاو بوون لەناویداهەبێت, هەروەها توانای بزواندنی بەرهەمهێنەراو هەڵچونە بەهێزەکانی هەبێت, هەروەها توانای سەپاندنی جۆرێك لەوروژاندنی لەسەر خود هەبێت, هەموو ئەم شتانە کەبەخشندەیی بەسەر راهێنانی خوێنەر لەسەر زمانێکی زۆر تەکنیکی هەیە فرسەتێکمان بۆ دەخولقێنێت تابگەڕێینەوە بۆی ئەوسەرنجەی سەبارەت بەکتێبێك هەستی پێدەکەین لانی کەم لەکاتی خوێندنەوەیدا هەموو تواناکانی ڕۆح دەمژێت وەك پێشتر باسکال گوتویەتی ئەوە بەنزیکی کرداری خۆشەویستیە, جائەگەر بەرۆشنی هەستی پێبکەین یان نا, ئەو پەیوەندیانەی دادەمەزرێن ڕێگە دەدەن بەهەردوو ئاراستەدا بجوڵێن, نەستی تایبەتم تێڕوانیم بۆ ئەوەی دەیخوێنمەوە دەگۆڕێت ئەوەی کتێبەکەدا لەسێبەردا دایدەنێت, ئەوە لەناخمدا زیندەخەونەکانم تێر دەکات. ڕەنگێکی چاوەڕوان نەکراو وەردەگرێت شیکەرە هان دەدات و لەسەر بێدەنگی یارمەتیم دەدات بۆ خوێندنەوەی ئەو دەقەی دڵنیایی خۆم لەسەر قەنەفەکە دەینوسێت و لەهەمان کاتدا پێشکەشم دەکات.

**نووسینە فرۆیدییەکان:**

فرۆید وەك مرۆڤێکی مەزن زۆر شتی لەخوێندنەوەکانی کۆکردۆتەوە, چێژی هەموو خوێنەرێکی بەئاگاهێنایەوە, تەنانەت چێژی خوێنەرێکی زۆر بەسەرنج, کەلەکتێبدا گوێ لەنەست دەگرێت (بەدووبارە بەکارخستنەوەی ئاماژە دراوەکان و بەدەوڵەمەند کردنی کار), بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا, لەکاتی خوێندنەوەدا ئەو ئاراستانە کۆدەکاتەوەکە بۆ توێژینەوەکەی گرنگن, هەروەها بەڵگەکانی توانایی و بەپیتی گریمانەکانی دەچەسپێنن.

هەر کەس بیرکردنەوەیەکی لەنووسینەکانی فرۆید هەبێت, دەزانێت فرۆید سەبارەت بەهونەرمەندان و نووسەران نوسیوویەتی. هەروەها دەربارەی ئەدەبی دیاردە ئەدەبی و دانراوە ناوازەکان نووسینی هەیە, لەبەر ئەوە ئێستا یەك لیستان سەبارەت بەگرنگترین کتێب و وتارەکانی تایبەت کردووە بۆ ئەم گرفتە پێشکەش دەکەین, لەگەڵ ئاماژە بەقەبارەی چاپە فەرەنسیەکەی دەقەکە لەوێدا خۆش دەستە ئێمە لێرەدا ریزبەندی کرۆنۆلۆژی پەیڕەو دەکەین.

**– ١٩٠٧ هەڵچوون و خەونەکانی گرادیڤا جونسون**

– ١٩٠٨ ئەفراندنی ئـەدەبی و زینـدە خەونـە باشـترین ناونیشـان بریتیـە لـە: شـاعیرو ئەندێشـە. لەچوارچـێوەی کتێبی: چەند وتارێك لەدەروونشیکاری پراکتیکی.

**–١٩١٠ یادەوەری مندالّی لیوناردۆ داڤنشی.**

– ١٩١٣ دەرکەوتـەی سـێ قوتوەکـە (هەڵبـژاردنی قوتـو) لـەناو دانـراوی چـەند وتارێـك سـەبارەت دەروونشـیکاری پراکتیکی.

– ١٩١٤موسا . میشـل ئـانج لـەنێو کتێبـی چـەند وتارێك سەبارەت بەدەروونشیکاری پراکتیکی.

– ١٩١٦ چـەند نمونەیـەك لەمۆرکـە دەرهاوێـژراوەکانی لایـەنی دەروونشـیکاری لەچوارچـێوەی دانـراوی لەچـەند نوسینێك سەبارەت بەدەروونشیکاری پراکتیکی.

-١٩١٧ یادەوەری لەمندالّی لەناو dlehtonqund wahrheitبۆ گۆتە(لەناو کتێب و چەند وتارێك سەبارەت بەدەروونشیکاری پراکتیکی).

–١٩١٩ سەرسـوڕمانی وتەوکێخـەر و لـەناو کتێبـی چەندوتارێك سەبارەت بەدەروونشیکاری پراکتیکی..

–١٩٢٨لـە دستۆڤیسـکی و بکـوژی بـاوانی نوسـەر لـە کتێبێکـی پاوتوبیوگرافیـدا دەڵێـت کـە توانایـەکی تـیۆری لەچوارچێوەی ئەوەی ئەمڕۆ بەتوێژینەوەی فرە لایـەن ناودێر دەکرێت پێشکەش دەکات: کەلەزۆربەی زۆری پراکتیزەکردن ئەم شیکاریە بەکارە تایبەتیەکانی خۆم دەستی پێکردووە لەکتێبی ژیانم و دەروونشیکاری لا١٧٩ ئەم رستەیە خاوەنی زرنکانەوەیـەکی تایبەتـە کەلـەبواری لێکۆڵینـەوەی ئەدەبیـدا قەتیسی دەدەیـن لەبەرئـەوەی ئاشکرایە فرۆید لـەم بوارەدا لەبەردەم هەموو شێوازەکانی لێکنزیکبوونەوە ڕێگای بڕیوە, لەلێکۆڵینـەوەکانی هەڵچـوونی ئیسـتاتیکی و ئەفرانـدنی هونـەری بۆخوێندنـەوەی یـەك دەق دواتـر بۆشـیکردنەوەی توخمەکان و پاڵنـەرەکان و نوسەرەکان, ئێمە لەنوسینەکانی ئەوەوە دەستپێدەکەین هەر کات ویستمان لێکۆڵینەوە لەسەر پەرەسـەندنەکانی بکـەین لـەبواری ئـەوەی کەشـیکەرەوە و رەخنە گرەکان ئەدەب داویانەتە پاڵی.

ئەوەندە ماوە هەندێك تێبینی دەربارەی کارەکانی ئەم خوێنـەرە نمونەییـە بـدەین, یەکـەم تێبینـی بـۆ حاڵـەتی گرنگیـدان بـەردەوام گرنگـە لەنووسـینە تیـۆری و پراکتیکیەکانی ئەویش بەپشتبەستن بەچەند ناوێکی گەورە و ناونیشانی گەورە لەئەدەبی جیهانی, بەم شێوەیە حاڵەتی ئۆدیـب بەدرێـژای تەمـەنی فرۆیـد کەوتـە ژێـر لێکۆڵینـەوە هەروەها لەپێکهاتەی ناوەکیدا سەرەتا بەو نامەیەی بۆ فلیس لەرۆژی ١٥ تشرینی یەکەمی ١٨٩٧ نارد دواتر تادەگاتە



و: ئاوات محەمەد




کورتەی دەروونشیکاری ١٩٣٨ تێبینی دووەم لەوێدا ڕوون دەبێتەوە, لەبۆنەیەکی تایبەتدا فرۆید شیکردنەوەیە ئەکلینیای بۆهزرگەرایەك کرد. کەسەرقاڵی تەنها نوسینە کتێبێکی ئاوتۆبیوگرافی بوو, لەلایەن هزر گەراکەوە دەنوسرا: سەرۆکی بەناوبانگ شەییر پێنج وانە لەدەروونشیکاری سێهەم فرۆید, بێگومان دەقی کتێبێکی پەسەند دەکات بەشێوەیەك نوسینێکی بڕەو بێت وەکارکردوو بێت بەشێوەیەکی زیاتر لەبەر ئەوە بەشێوەیەکی ڕێژەیی زۆر دوور بۆلای توێژینەوەکانی سەبارەت بە میتۆلۆژیاو فۆلکلۆر نەچوو. فرۆید ئەم گرنگی پێدانەی لەلایەك دابەئۆقرانێك لەلایەکی ترەوە تیودور رایك و حیزا روحیم "لەژیانم و دەروونشیکاری" (لا٨٥ .٨٦ ) لەبەر ئەوە شیکردنوەکانی "تەوتەم و تابۆ" لەو بەڵگەنامە ئەتنۆگرافیانەوە بەپلەی یەکەم دەردەچن, زیاتر لەوەی دانان و باسکردنمان بێت ئەنترۆپۆلۆژی فرایزر پێشنیاری کرد.

لەکۆتایدا ئەو لیستەی سەرەوە هەندێك پۆلی لەکتێبەکانی جێهێشت کەبەشێوەیەکی ئاشکرا بەس لەبابەتی (ئەدەبی)ناکەن, بەڵام بەشداری جەوهەرین سەبارەت بەکۆی فکری فرۆیدی کەپەیوەستە بەپەیوەندیەکانی نەست بەزمانەوە کەسیان لەودانراوانە ئامادەکراون و بڵاو کراونەتەوە بەرلەوەی شیکردنەوەی دەروونی بەسەر ئەدەبدا جێبەجێ بکرێت کەباس لەخەون و کەلێن و نوکتە دەکات, هەموو شتێك باس دەکات وەك ئەوەی دانەرەکەی لەسەر خوێندنەوەی ڕاهاتبێت, ئەویش بەدیاریکردنی مەرجەکانی خوێندنەوەی خوێندنەوەی قوڵ. کەمترین شت کەبیکەین بریتیە لەوەی خۆمان بخەینە ژێر ئیدارەی ئەمانەوە لەهەمان قوتابخانە.

**پەراوێزەکان:**

١ . لێرەدا دەیڵێین و دووبارەی دەکەینەوە کە لەنێوانیاندا دابەشکردنی هاوبەش هەیە بەرادەیەك حەز دەکات لەگەڵی نەبێت تابەشێوەیەکی تەواو پارێزگاری لەرەسەنایەتی فکری تایبەت بکات.

٢ . سەبارەت بەگرفتی پراکتیك دەچین بۆ
Mireilpe cifali- freud pedagogve?- Lnter-editios ١٩٨?

٣ــ جگە لەسۆفۆکل پاڵ بەئۆدیبەوە دەنێت قسەبکات. بەشێوەیەك وامان لێدەکات گومان بکەین کەهەقیقەت دەزانێت هەموان لەتبیت thebes باس لەبکوژەکانی لایۆس دەکەن بەڵام ئۆدیب باس لە(گوناه) دەکات هەمووان داوای سەری بەپرسانی تاعونەکە دەکەن بەتەنها ئۆدیب بەدوای تاوانباردا دەگەرێت ئەمیان تێڕوانینێکی خاوەن دەلالەتە, ئەمە کەلێنێکی ئاشکرایە بچن بۆ کتێبی
Driek van der sterren- oedipe–١٩٤٨-ed-francaise ١٩٧٦, p; ٤٩

٤ . بائەم تێبینیە بەهەند وەربگرین, گرنگیدان بەدەروونشیکاری سەرەتا لەفەرەنساوە دەرچووە, لەگەڵ ئەدیبەکان... ژیانم و دەروونشیکاری لا٧٩